هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Department of NGOs

اقليم كوردستان — العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية

# ستراتیژی پاڵپشتی دارایی بۆ پرۆژەی رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە و لەژێر رۆشنایی ماددەی (سێزدەم) برگەی (چوارەم) لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١١ی تایبەت بەرێکخراوە ناحکومییەکان و ماددەی (سێهەم) خاڵی (١) لە پەیرەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١ ی تایبەت بەفەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان، فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان رێنمایی تایبەت بە چۆنێتی پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی بەپرۆژەی رێکخراوە ناحکومییەکان دەردەکات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم/ راگەیەیاندنی دەرفەرت لەچوارچێوەی (قۆناغ)دا.**

فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان ساڵانە، لەچوارچێوەی بڕی بودجەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەی رێکخراوەکان، بەپێی پلانی ساڵانە قۆناغێك یان چەند قۆناغێك وەك دەرفەت رادەگەیەنێت و لەچوارچێوەی ستراتیژێکدا رێکخراوەکان هاندەدات پرۆژەکانیان ئاراستەی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان بکەن، و لەم رێگەیەوە بەشداری بکەن لە تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی کە رەهەندی خزمەتگوزاریان هەیە و بەشێکن لە بەرنامەی کار و سیاسەت و ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**دووەم/ راگەیاندنی دەرفەت لەچوارچێوەی پرۆژەی (تایبەت)دا.**

فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان، هەڵدەستێت بە راگەیاندنی دەرفەت لەچوارچێوەی پرۆژەی تایبەت دا، مەبەست لە پرۆژەی تایبەت ئەو پرۆژانەن کە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان لەچوارچێوەی ستراتیژی خۆیدا، بەگرنگیان دەزانێت بۆ گەشەدان بەکەرتی رێکخراوەناحکومییەکان و وەك هەڵێك لێیان دەڕوانێت بۆ بەدامەزراوەکردنی رێکخراوەکان و پێگەیاندنیان لەڕووی کارگێڕی و هونەری.

**سێهەم/ پاڵپشتی دارایی بۆ پرۆژەی هاوبەش(جۆین پرۆجێکت)، لەچوارچێوەی (یاداشتی لێکتێگەیشتن).**

فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان، لەچوارچێوەی ستراتیژی خۆیدا و لە پێناو بەرژەوەندی رێکخراوە ناحکومییەکان، هەڵدەستێت بە واژووکردنی یاداشتی لێکتێگەیشتن لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، دوای ئەوەی لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەستپێشخەری دەرکرێت لەم پێناوەدا.

**چوارهەم/ پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندیان بەحاڵاتی لەناکاو هەیە.**

فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان بەپێی ئەو توانا داراییەی کە لەبەردەستیدایە، هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندیان بەحاڵاتی لەناکاو هەیە بۆنموونە (کارەساتی سروشتی، پەنابەران، و هەر رووداوێکی تر کە دەکرێت لەڕێگەی پرۆژەوە ئاوڕی لێبدرێتەوە.

**پێنجەم/ پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو پرۆژانەی کە فەرمانگە بەگرنگیان دەزانێت بەردەوامیان هەبێت.**

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو پرۆژانەی کە پاڵپشتیان پێشکەش کراوە، درێژکراوەتەوە ئەگەر گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە درێژکردنەوەی ئەم پرۆژانە گرنگە و خزمەت بەهاوڵاتیان و کۆمەڵگا و کەرتی ڕێکخراوەکان دەکات. لەچوارچێوەی (پاشکۆ- ملحق).

**شەشەم/ پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو پرۆژانەی کە فەرمانگە بەگرنگیان دەزانێت، ڕێکخراوێك یان زیاتر بۆ جێبەجێکردنیان رادەسپێرێت.**

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتەی کە هەیەتی، بۆ جێبەجێکردنی هەندێك پرۆژە ڕێکخراوی تایبەتمەند رادەسپێرێت، کە مەبەست لەو پرۆژانە خزمەتکردن و گەشەپێدانە بە توانای کاری ڕێکخراوەیی و فراوانکردنی بەشداری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە پرۆسەی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

**حەوتەم/ پاڵپشتی دارایی بۆ پرۆژەی تایبەت بەرۆژە جیهانیەکان، هەڵمەت و بۆنەی نیشتیمانی.**

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتەی کەهەیەتی ساڵانە لەچوارچێوەی پرۆژەدا بەشداری بەڕێکخراوەکان دەکات بەمەبەستی بەرز راگرتن و رۆژەجیهانیەکان وەك (رۆژی جیهانی لاوان، ژنان، منداڵان، بەساڵاچوان، کرێکاران، ژینگە... هیتر) هەروەها ڵمەتەکانی وەك بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بۆنەی نیشتمانیەکانی وەك نەورۆز و راپەڕین.

فازڵ عومەر رەشید
سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

٢٠١٣/٤/١